
کەمال نوری مەعروف:

# حکومەتی هەرێم دەزگایەکی لێپرسینەوەی نییە بۆ شوێنەوار

سازدانی: بەڕێوبەری نووسین



کەمال نوری مەعروف

کەمال نوری مەعروف، وەک شوێنەوارناسێکی ئەکادیمی، لەم دیدارەدا تیشک دەخاتە سەر گرفت و کەموکورتییەکانی شوێنەوارناسی لە کوردستاندا و ڕەخنە لەو سیستەمە دەگرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاری شوێنەوارناسی بەڕێوەدەبات، ئەو پێی وایە تا ئێستا لە کوردستان وەک پێویست گرنگی بە دەزگا شوێنەوارییەکان نەدراون و هۆکارەکەشی بۆ خەمساردی حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان دەگێڕێتەوە.

* ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئیشکردن و دۆزینەوەی سەرچاوە گرنگەکانی شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستانیت، پێتوایە تا ئێستا فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی کوردی لەو بوارەدا کاری جدی کردبێت؟

– وا بۆ چەند ساڵێک دەچێت سەرقاڵی گەڕانم بە ناو گەلێک سەرچاوەدا کە لە ناویاندا سەرچاوەی فارسیش هەیە، کە باس لە مێژووی دێرین و پاشماوەی شوێنەواری گەلانی زاگرۆس و هیند و ئێرانی دەکەن. ئەو چەند جارەش کە بە کاری حکومەتیی چوومەتە ئێران، پەیوەندیم بە دەزگای (میراث فەرهەنگی)

لە تاران و کرماشان و سنەو چەند شوێنێکی ترەوە کردووە و توانیومە زۆر لەو سەرچاوانەم دەستبکەوێت کە باسولێکۆڵینەوەیان تیادا هەن، لەسەر مێژوو و پاشماوە ئاسەوارییەکانی شوێنە جیاجیاکانی ئێران بە تایبەتی کوردستانەکەی. وا ماوەیەکی دوورە بە ناو ئەو سەرچاوانەدا گەڕاوم و زۆر باسولێکۆڵینەوەم لەسەر شوێنەوارە جیاجیاکان لێدەرهێناون ئەوانەی کاری کنەو پشکنینیان تیادا ئەنجامدراوە کە بۆ مێژووی کوردو ئاسەوارو شوێنەوارەکانمان زۆر بە نرخن.

لە ڕاستیدا ئەو زانیاریانەی لە ناو ئەو سەرچاوانەدا هەن یان ئەو باسولێکۆڵینەوانەی لەسەر مێژووی دێرینی ئەوان نووسراون کە ئێمەی کورد بەشێکین لەوان، پڕن لە ڕەسەنایەتی و هێندە بە کەڵکن، وەکو کوردێک مێژووی خۆی بنووسێتەوە ئاوا نووسراون و بەرچاو دەکەون و زانیاری نوێیان تیادا هەن کە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا غەیری شێواندنی زانیارییەکان شتێکیتر بەرچاو ناکەون. ئەو گەڕانەشمان بۆ ئەوەیە تا ڕەسەنایەتی خۆمان لەو بوارانەدا لە ناویاندا بدۆزینەوە، کە بە داخەوە لای ئێمەی کورد هەژارین بەو سەرچاوانەو زانیارییانە. کاتێکیش دوای ماندوبوونێکی زۆر لە ناو سەرچاوەی عەرەبییەکاندا دەگەڕێی بۆ وەرگرتنی زانیاری، تەماشا دەکەی بە دەستی خاڵی دێیتە دەرەوە، چونکە لە ناو ئەو سەرچاوانەدا ئەو باسولێکۆڵینەوانەی کە تایبەتن بە نووسەرە عەرەبەکانەوەو لەسەر ئەو بابەتانەیان نووسیوە کاتێک هاتوونە کوردستان بۆ کاری کنەو پشکنینو کۆکردنەوەی زانیاری شوێنەواریی و مێژوویی لە ڕووە جیاجیاکانەوە دەرئەکەوێت زانیاریەکانیان شێواندووەو هەموویان بۆ خزمەتی خۆیان ڕاڤەکردووەو ئێمەی کوردیش لە ڕەگەزو دابو نەریت و ئایین و باوەڕو شارستانیەتمان لای ئەوان پچڕاوین و بوینە پاشکۆیان بۆ خزمەتی مەرامی سیاسیی و قەومییان. هەرچی شتە پیرۆزەکانیشمانە لە مێژوو و پاشماوەکانیتر بە ناوی ئاشووری و گەلانی سامی ترەوە تۆمارکردووەو وەکو ئێمە دوێنێ لەو کوردستانەدا دانیشتبین، شتێکیان بۆ نەهێشتوینەتەوە کە سەرچاوە ڕەسەنەکانیش باس لەوە دەکەن کە ئێمەی کورد کۆنترینی هەموو ئەوانی ترین لە گەلانی جۆراوجۆری ناوچەکەی هاوڕەگەز.

عەرەب لە مێژووی خۆیدا هەردەم ددان بەو ڕاستییەدا نانێت کە کۆنترین ئاماژە بۆ عەرەب لە مێژووی دێریندا لە ٤٥٠ی پ.ز تێپەڕ ناکات، کە بەو ناوە هاتووە لە کاتێکدا ئێمەی کوردو هاوڕەگەزەکانمان بوونی ناومان وەکو گەل و هاوڕەگەزەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز.

ئەعرابەکان ئەوە چاک دەزانن کە ئێمەی کورد دوای ساڵی ١٩٢٥ بە پیلانی زلهێزەکان بە زۆر لکێنراین بە عیراقی عەرەبییەوە بۆ بەرژەوەندی نەوت.

ئێمەی کورد گەلێکین لە ڕووی ڕەگەزو شتەکانی ترەوە هیچ پەیوەندییەکمان بە عەرەبەوە نییەو ئەوان خاوەنی ژینگەو شارستانێتی خۆیانن و ئێمەش لە ژینگەیەکی پێشکەوتودا چاومان بە دنیا هەڵهێنا.

بەلای منەوە ئەو کارانەی لەو بوارەدا کراون لە ڕووە جیاجیاکانیانەوە هەر هەمووی کاری تاکە کەسییەو کەمێکیان نەبێت کە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێک شت کراوە، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا ئەو پشتگیرییە لە حکومەتەوە نابینرێت، کاری تاکە کەسییش ئەگەر دەزگایەک لێنەکات بە تەنیا ناتوانێت سەرکەوتو بێت، چونکە کاری تاکە کەسییش سنوورەکەی بچکۆلەو داخراوەو حکومەتی هەرێمیش ئەو لایەنەی پێی دەڵێن پاشماوەی ئاسەواریی و شوێنەواریی و نووسینەوەی مێژوو لەسەریان هیچ سۆزێکی بۆی نییە، بە بەڵگەی ئەوەی ناسیۆنالیزمێکی ئاسوری کردۆتە وەزیری گەشتوگوزارو دەزگای شوێنەواری کوردستانی بەو وەزارەتەوە بەستوتەوە کە نەک تەنیا ددانی خێر بە کورددا نانێت، بەڵکو کوردستانیش بەموڵکی ئاشووریەکان دەزانێت.

*** هەرچەندە لێرەو لەوێ هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوارە دێرینەکان دەدرێت لە کوردستان، بە بۆچوونی تۆ تا چەند وەزارەتی گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمساردبوون لە ناساندنی ئەو شوێنەوارانەدا؟**

– لەو کاتەوەی حکومەتی هەرێم دەزگای شوێنەواری وڵاتی کوردەواری بەستەوە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ بە وەزارەتی گەشتوگوزار، ئیتر شوێنەوارناسەکانمان‌و دەزگاکانمان بۆ خۆیان دەرگای ئیشکردنیان لەسەر داخراو کارەکانیان لە جووڵەکەوت کە بتوانن خزمەت بە شوێنەوارەکانیان بکەن.

سەرێکی ئەم نەهامەتییە کە تووشی شوێنەوار هات لە نەخوێندەواری حکومەتی هەرێمەوە بوو کە ئەو دەزگا هەستیارەی دایە دەست گەشتوگوزارو وەزیرێکی ئاشوری کە ڕێگەی کارکردنی لێگرتین بە بیانووی جیاجیا بۆ ئەوەی دوورمان بخاتەوە لەو خزمەتە، نموونەش بۆ ئەمە لای دەربەندیخان لە گوندی (وازۆڵ) گۆڕستانێکی گەورەی سەردەمی ئاشکانی‌و ساسانیم دۆزییەوە بۆ ئەوەی کاری تیادا بکەم وەکو بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، داوای (٥٣) ملیۆن دینارم کرد بۆ دەرهێنانی ئاسەوارەکانی ناوی، لە وەڵامدا لە وەزارەتەوە نووسراوێکم بۆ هاتووە دەڵێ: وێنەی ئەو شوێنەوارەمان بۆ بنێرە، وا دیارە بە ئەقڵییەتی ئەو وەزارەتە، ئاسەوار لەسەر زەوی شوێنەکە کەوتووەو خەرمانەو سوور بووەو دەبێت کۆ بکرێتەوە، ئەوە یەکێکە لە هەزار شتیتر کە ئەو وەزیرە ڕێگەی کارکردنی لێدەگرتین، نەزانانە بۆ ئەوەی دوورمان بخاتەوە لەو خزمەتە. لای هەموانیش دیارە شوێنەوارناسنامەی نەتەوایەتیمانەو ئەو وەزیرەش دژی خاک و شوێنەوارمان بوو، نرخی بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان دانەئەناو جگە لەوانەی سەردەمی ئاشوری، ئەو بەو مێشکە مامەڵەی دەکرد کە پاشماوە شوێنەواریەکانی کوردستان هەمووی موڵکی ئاشووریەکانە، کورد ئێستا وڵاتەکەی داگیر کردووەو شوێنەوارەکانی بۆ خۆی بردووە، لە کاتێکدا ئاشووریەکان لە شەڕی (حەڕان)دا ساڵی ٦٠٩ی پ.ز بە دەستی کەیخوسرەوی ماد، پادشای گەورەیان میزکەری ئاشوری لێ بڕین. من ناڵێم دەسەڵاتی بێگانە بەزۆرو ستەم ئەم وڵاتەی کوردەواری بە درێژایی مێژوو زۆر جار داگیرنەکردووە، لە ژێر دەسەڵاتیا نەبووە، ئاشوریەکانیش لەو زۆردارانەبوون، مێژوو دەڵێ نەمان‌و بەدەستی مادەکان کۆتاییان هات، دە ئەگەر وا بێت دەبێت تورکەکانیش کە ماوەی ٤٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی ناوچەکەیان کرد. دەبێت بڵێین هەرێمی کوردستان هی ئێمەیە ئێستا کوردستان ناوەکەی دەربڕین لە گەلەکەی دەکاو کوردیش لەسەر هەر بستێکی ئەو خاکە بە هەزاران شەهیدی داوە. ئەمە لە لایەکەوە با بوەستێ، لە لایەکی ترەوە ئەو بودجەیەی بۆ شوێنەوار ساڵانە دانراوە هەر ئەوەندە بووە بەشی مووچەی فەرمانبەرەکانی و خەرجی دەزگاکەی بکات، بۆ ئەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ بودجەکە. کە کار وا بڕوات ئیتر چۆن کاری کنەو پشکنین و لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی خزمەت بەشوێنەوارەکانمان دەکرێت. یان چۆن مۆزەخانەی تر بۆ ناوچەکانیتری کوردستان دروستدەکرێت بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەو پڕ بایەخ بنرێت لەو لایەنەوە.

لە سەرو ئەمانەشەوە حکومەتی هەرێم دەزگایەکی لێپرسینەوەی نییە بۆ شوێنەوار، ئەگەر پارەیەکی تەرخان کرد بۆ پڕۆژەیەک، ئەگەر بەکارهێنرا بۆ شتی بچکۆلەو کەمنرخ لە شوێنی خۆیایەتی لێپرسینەوەی لەسەر بکات.

هەندێک جار پارە داوا دەکرێت بۆ پڕۆژەیەکی کەمبایەخ، بەڵام شوێنی خۆی ناگرێت وەکو کۆپیکردنی شوینەوارێک. دەبێت ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواریش بکرێت کە کارەکانیان بە شێوەی زانستی بڕواو دووربن لە کاری نازانستی و هەڕەمەکی.

یەکێکیتر لە گرفتەکانی دەزگاکانی شوێنەوار

له کوردستاندا، لێپرسراوان به میزاجی خۆیان‌و هەڵوێستی سیاسییان بەڕێوەبەری بۆ دادەنێن یان لە شوێنی هەستیاردا خاوەن بڕوانامەی گچکەیان بۆ دادەنێن، ئەوەتا بەڕێوەبەری شوێنەوارە لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا، یان دەرچووی پەیمانگەیەو پەیوەندی بە شوێنەوارەوە نییە، یان لێپرسراوی مۆزەخانەیەو شتێک لە کارەکەی نازانێت، ئەوەی شوێنی سەرسوڕمانیشە کاتێک بە ناوی خزمەتکردنی شوێنەوارەکانی کوردستانەوە وەزارەت فەرمانبەر دەنێرێ بۆ ئیتالیا، لە جیاتی ئەوەی شوێنەوارناس بنێرێ، وەزیر ژمارەیەک فەرمانبەریتر دەنێرێ کە نە لە دوورو نە لەنزیکەوە پەیوەندییان بە ئاسەوارەوە نییە.

وا دیارە ئەو گرنگیی و بایەخدانەی شوێنەوار لای حکومەتی کوردستان نەماوە، دەنا هەتاکو شوێنەوار سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو کارەکانمان باشترو کاراتر دەڕۆشتن‌و لەو ماوەیەدا گەلێک کاری بە جێم بۆ خزمەتی شوێنەوارەکانمان لە ناوچەی گەرمیان بە ئەنجام گەیاند، وەکو تەواوکردنی کاری کنەو پشکنین و پاککردنەوەی پەرستگای زەردەشتی دەربەندیخان، هەروەها لە پارێزگای سلێمانیشەوە یارمەتی دراین بۆ چاک کردنەوەی، بەڵام ناحەزان بە درۆو بیانووی جیاجیا نەیانهێشت کاری چاکردنەوەی پەرستگاکە تەواو بکرێت، جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر گەڕانیشم بە ناوچە جیاجیاکانی گەرمیاندا کرد، توانیم ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەواری تۆمار نەکراو بدۆزمەوەو تۆماریان بکەم و زانیاری زۆریان لەسەر وەربگرم، لە ڕووە مێژووییەکانیانەوە، لەوانە گۆڕە هەڵکۆڵراوەکانی شاخی باوەشاسواری کفری‌و چرچە قەڵای لای دەربەندیخان، قەڵای سەرتەک و قەڵای شەمێران و قەڵای سروچک لە ناویانا ڕاستکردنەوەی مێژوویيم لەسەرکردن کە بە هەڵە زووتر لە ناو سەرچاوەکاندا تۆمار کرابوون.

* بۆچی تا هەنووکە ڕۆشنبیرییەکی گەورەو بەرفراوان لە ناو کورددا نییە سەبارەت بە زانستی شوێنەوارناسی؟

– لە ناو کورددا تا هەنووکە نەک ڕۆشنبیریی سەبارەت بە شوێنەوار نییە، بەڵکو لە زۆر شتی تریشدا ئەو ڕۆشنبیرییە هەر نەبوونە.

ئێمەی کورد یەکێک لە کێشەکانمان ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتیمان تیادا کزە، لە کاتێکدا ئەو هەستە لە چاخە زووەکانی زایینییەوە دروستبووە، هەتاکو ئاماژەی مێژوویی لە سەردەمی باوکی مێژوو هێرۆدۆتدا هەبووە.

هۆکاری ئەو نەبوونە یان ئەو کزییەی، خۆ من ناڵێم ناواخنی خۆی نییە. ئەو هەست نەکردنەش وامان لێدەکات کە گرنگی بە شوێنەوارەکانمان نەدەین، خۆ ئەگەر ئێمەی کوردیش وەکو گەلانی خاوەن دەسەڵاتی دنیا قەوارەی سیاسی خۆمان هەبووایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆشنبیرییەمان لا دروست دەبوو، چونکە شوێنەوار ناسنامەی نەتەوایەتی نەتەوەکەمانەو پەیوەستە بەمەرجەکانی قەومییەتەوە.

بە لای منەوە زانستی ڕۆشنبیریی شوێنەواریی لای ئێمە، کاتێک دروست دەبێت کە حکومەتی کوردستان بۆ خۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامەو بابەتەکانیتری بەدەستەوە بێ و لەو ڕێگەیانەوە سەرپەرشتی کارەکانی بکاو ئەوەی تایبەتە بەشوێنەوارەوە لە کەناڵە جیاجیاکانییەوە بڵاوی بکاتەوەو خەڵکی تێبگەیەنێت کە ئاسەوارو شوێنەوار چییەو گرنگییان لە چیدایە. هەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت داوا لە شوێنە بەرپرسەکانیتری حکومەت بکرێ کە بۆ دروستکردنی پرۆژەکانیان داوای ڕەزامەندی لە دەزگای شوێنەوار بکرێ کە مۆڵەتیان پێبدەن، دوای ئەوەی لەوە دڵنیا دەبن کە شوێنەوار بەر شوێنی پرۆژەکە ناکەوێت، ئەمە لایەکی شوێنەوارەکانمان دەپارێزێت. بەشێکیتری ئەم کەموکورییانە دەگەڕێتەوە

بۆ خودی کارمەندەکانی شوێنەوار خۆیان کە هەوڵی تەواو نادەن. نابێت ئەوەش لەیادبکەین زۆرینەی ئەو کارانەی پەیوەندی بە پرۆژەکانەوە لە غەیری شوێنەوارناسەکان جێبەجێیدەکەن، وەکو ئەگەر پرۆژەی پەلەوەرێک بۆ ناوچەیەک دەربچێت شوێنەوارناسەکە خۆی ناڕوات بۆ دیتنی زەوییەکە، بەڵکو بە پاسەوانە نەزانەکەی دەڵێ تۆ بڕۆ سەیری بکە کە لە ئاسەوارو شوێنەوار بێخەبەرە.

ئەمە سەربوردەی قسەکانە و ئێمەی شوێنەوار ناسیش پێویستیمان بە ڕاگەیاندنێکە بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی پێبکەنەوەو وەکو چاویان پارێزگاری لە شوێنەوارەکان بکەن، من لەو ڕووەوە بەر لەوەی خانەنشین بکرێم زۆر لەو ئاگاداریانەم بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانمان بڵاو کردەوە کە ڕووی لە هەموو دەزگاکانی حکومەت بوو، بەڵام ئەمەی من کاری تاکەکەسییە، ئێمە پێویستیمان بە کاری کۆمەڵە.

* پێت وایە کورد بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە میللەتان بناسێنێت، پێویستە گرنگی پێشینە بە مێژوو بدات یان شوێنەوارەکانی، واتە لە نێوان (مێژووی ڕابردوو، شوێنەوارەکانی) کامیان ئەوەلییاتی کارکردنی بێت؟

– ئێمەی کورد دەتوانین تەنیا لە ڕێگەی شوێنەوارەکانمان و پاشماوە ئاسەوارییەکان خۆمان بە گەلانی دنیا بناسێنین، کە ئێمەش گەلێکی کۆنین و هەین، چونکە ناسنامەیە بۆ نەتەوەکەمان هەروەکو باسمان کرد. بەلای منەوە مێژوو دوای شوێنەوار دێت بۆ پیرۆزییەکانی نەتەوەو خۆی لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا بدۆزێتەوە، چونکە هەر پاشماوەی شوێنەوارەکانە کە بە هۆی کاری زانستی کنەو پشکنینەوە دۆزراوەنەتەوە لە گردو تەپۆڵکە شوێنەوارییەکانداو ئەوەش بۆتە کەرەستەی سەرەکی یان تەواو بۆ نووسینەوەی مێژووی دێرینمان، واتە بێ شوێنەوارو زانیاریەکانی ناتوانین مێژووی کۆنمان بنووسینەوە. دەسکەوتنی ئەو کەرەسەیەش لە گردو تەپۆڵکەو قەبرستانو پەنابەردینەکانو شوێنە جیاجیاکانیتر لە ڕۆخی ڕووبارەکاندا بەرچاودەکەون، ئەمانە دەبنە پاڵپشت بۆ ئەو مێژووە. ئەگەر ئەوانە نەبن دەبینە ئەو گەلانەی ناویان لە مێژوودا سڕاونەتەوە، یان بەمردو ئەژمار دەکرێن، چونکە نەیانتوانیوە پارێزگاری لەو لایەنانە بکەن. لای لێپرسراوانیش لە ئێستادا ئەوەی زانیارییەکی لەو ڕووەوە هەبێتو هاوار بکات بۆ خزمەتی شوێنەوارەکانی، کەس گوێی لێناگرێت، لەوانە نموونەش بۆ ئەمە وەزیرێکی کورد جارێک سەردانی وڵاتێکی ئەفریقی دەکات کە حکومەتی عیراق دەینێرێت، کاتێک کارەکەی تەواو دەکات داوا لە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە دەکات کە بیبەن بۆ شوێنێک بۆ ئەوەی لە ژیانی خەڵکەکەی بەئاگابێتو بزانێت چۆن دەژین، ئەوانیش دەیبەن بۆ شوێنێکی دواکەوتو کە ژیانی دانیشتوانەکەی هاوشێوەی چاخی بەردین بێت. لێرەدا ناوبراو دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێک چاوم بەناوچەو دانیشتوانەکەی کەوتو لەگەڵ هەندێکیاندا کەوتمە قسەکردن، زۆر نارەحەت بووم لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی قسەم لەگەڵ دەکردن بۆنێکی ناخۆش لەگیانیان دەهات، دەبوایە شوشەیەک عەتری بەهێزت بەخۆتا بپرژاندایە بۆ ئەوەی بۆنەکە لە لووتت ببڕێت، ماوەیەک لەگەڵیاندا مامەوەو هەندێک شتومەکی کەلەپووریم لێکڕین بەپارەیەکی کەم، لەگەڕانەوەمدا بۆ شوێنی پشوودانم لە بازگەیەکی پشکنیندا ئۆتۆمۆبیلەکەیان ڕاگرت، کاتێک سەیری ناوەکەیان کرد خۆم پێناساندن، وتیان باشە بەخێرهاتنیان کردم، بەڵام نابێت ئەو شوتەمەکانەی کڕیوتن لەگەڵ خۆتا بیانبەیت، چونکە ئەوانە پەیوەستن بەکولتووری ئێمەوە، ڕێگەنەدراون برۆن، لەوەڵامدا ناچار بۆم دانانەوە. ئەمە چیرۆکی پەیوەندییەکە کە مرۆڤی دواکەوتووی ئەفریقا لەگەڵ کولتووری خۆیدا هەیەتیو بەو جۆرە دەیپارێزێت، چونکە ناسنامەیەتی، ئێمەی کوردیش بەهەزاران گردو تەپۆڵکەی شوێنەوارییمان هەڵکەند بۆ ئەوەی پاشماوە ئاسەوارییەکانیان بفرۆشین کە پیرۆزترینی پیرۆزەکانن بۆ ناسنامەی نەتەوایەتیمان. لەوەش

خراپتر کاتێک کە پەرستگای زەردەشتیم لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی چاکدەکردەوە (نمرودی) وەزیری گەشتوگوزار وایدەزانی ئەو پارەیە من وەرمگرتووە، داوای لێکردم واز لەو پەرستگایە بهێنم بچم بەو پارەیە پاشماوەکەی کەنیسەی بازیان چاکبکەمەوە، کاتێک کە وتم ئەوە لە دەسەڵاتی مندا نییە پارەی تەرخانکراوی پارێزگایە، کەوتە پیلان گێڕان لەگەڵ سوختەیەکی مزگەوت کە حکومەتی هەرێم کردوویەتی بەڕاوێژکارو بەکۆمەکی ژمارەیەکیتر لە ناو وەزارەتەکەی ئەو ئاسوورییەو یەکێکیتر لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کارەکەیان بەفەرمانێکی جێگری ئەنجومەنی وەزیران وەستان.

من وەکو شوێنەوارناسێک کە ماوەی ٤٠ ساڵە لەو بوارەدا کاردەکەم، ئەقڵییەتی لێپرسراوان لەگەڵ شوێنەواردا ناڕواو هەروا بەشتێکی عەنتیکەی سانا ئاسەواریان دێتە بەرچاو، ئەوەی لە حکومەتەکەماندا کاری بەدەستە لە بواری شوێنەواردا هەر سوختەکانی مزگەوتن‌و شوێنەوارناسی دڵسۆزیش هەردەبێت خەفەت بەدەستیانەوە بخوات، چونکە زۆر بێئاگان‌و ئەو دەزگایەیان تووشی گرانەتا کردووە.

* تا ئێستا هەموو ئەو شوێنەوارە دێرینانە دۆزراونەتەوە لە کوردستاندا کە لە مێژوودا گرنگیی‌و بایەخی نەتەوەو کولتووری کوردستانیان دەرخستووە؟

– لە کوردستاندا شوێنەواری دێرین‌و بایەخدارو پیرۆز زۆر دۆزراونەتەوە، کە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ‌و شارستانیەت‌و ئایین‌و باوەڕو ئەو مێژووە دەرئەخەن کە بەڵگەن بۆ ئەوەی کورد خاوەنیانە، چونکە لە کوردستاندان، لەو ناسنامەیەوە ئێمە گەورەیی خاک‌و نەتەوەکەمان بۆ دەرئەکەوێت کە چۆن باوک‌و باپیرانمان توانیویانە ئاوەدانی بخەنە وڵاتەکەمانەوە، لەسەردەمە کۆنەکانی چاخەکانی ئەشکەوتەوە بۆ سەردەمەکانی تری چاخی بەردینی نوێ‌و چاخەکانی دروستبوونی خێزان‌و پێشکەوتنی ژیان، دروستکردنی گوندی کشتوکاڵیی‌و گەیشتنەوە بەچاخە مێژووییەکان‌و دەسپێکردنی کۆچی گەلانی زاگرۆس‌و هیندو ئاری.

هەموو ئەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە دەتوانین بڵێین ئەڵقەیەکن لە زنجیرەیەکی گەورەی ئەڵقەدراو کە شارستانێتی مرۆڤایەتییان دروستکردووە. ئەوەی ژیانی کوردیشی لە کۆندا پێشخستووە باشی ژینگەو هەڵسوکەوتی جوامێرانەی دانیشتوانەکەی بووە لەگەڵ خاکەکەیدا، نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت ژیانی مرۆڤ بەچەند قۆناغێکی مێژوویيدا تێپەڕیوە وەکو هاتنە دەرەوە لە ئەشکەوت‌و دانیشتنی لە دەشتدا بۆ پەیداکردنی خۆراکی ڕۆژانەی، بەهۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر ئاوو هەوادا هاتووە، لەو گۆڕانەدا ژیانیشی گۆڕا، بەهۆی گەیشتنی بەدروستکردنی ئامێری بەردینی نوێ کە پێشکەوتنی سەردەمەکەو چاخەکە ئەوەی دەویست، بۆیە کە هاتە دەرەوە گەیشتە ئەوەی خانوو دروستبکاو فێری کشتوکاڵ‌و ماڵیکردنی ئاژەڵیش بوو، هەروەها زیاتر لە دیاردەکانی سروشتیش نزیک بۆوە کە ژیانی بەندبوو پێیانەوە، کە سەرەتا بوو بۆ ئایین‌و باوەڕ، چونکە لەوانەوە فێری ئەوەبو کە بەپیت‌و بەرەکەتی زەوی‌و بەرهەمهێنان ئەوان سەرچاوەن بۆی کە بەخوا دایکە بەئێمەیان ناساند، کە پاشماوەکەی لە ئاسەوارەکانی قەڵای چەرمودا دەرکەوتن، دواتر گەیشتنە ئەوەی بگەنە قۆناغی ڕستن‌و چنین‌و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ناوماڵ لە گۆزەو گڵێنەو شتەکانیتر، بەڵگەش بۆ ئەمە گردی شوێنەواریمان زۆرە لەوانە (گردە ڕەش)ی لای عەربەت دێت. لە چاخە مێژووییەکانیشدا باوک‌و باپیرانمان کەوتنە ناو کۆچی گەلانی ئاری نەژاد، یەکەم گەلێکن بگەنە قۆناغی یەکتاپەرستی لە ئایین‌و باوەڕیاندا، کە سەرەتاکەی لە (میتانی)یەکانەوە دێت بەخۆرپەرستی دەستیان پێکرد، پاشماوە ئاسەوارییەکانیان لە شوێنە جیاجیاکانیاندا لە کوردستان بەڵگەن بۆ ڕادەی پێشکەوتنیان‌و زەوقی هونەرییان‌و ڕەنگ لەگۆزەو گڵێنە نەخشراوەکانیانداو

پەیوەندی مێژووییان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسردا، کاتێکیش ئاینی زەردەشت شوێنی خۆرپەرستی گرتەوە، باوکو باپیرانمان زوو بە پیریەوەچوون، چونکە ئەوان لە ژینگەیەکی پڕ باوەڕ بەخۆیان ژیانیان دەگوزەراندو لە زووەوە ئەو باوەڕە لایان چەسپابوو کە یەکتاپەرستی بوو، پاشماوەکانی ئەم قۆناغە لە پەرستگاکانی قۆرتاسو دەربەندیخانو ناوچەی خورماڵو بیارەو شوێنەوارەکانیتری وەکو قزقەبانو گۆڕە هەڵکۆڵراوەکانی شاخی باوە شاسوار لە کفریو پەرستگای زەردەشتی لە تەختی سلێمانو شوێنەوارەکانیتری ناوچە جیاجیاکان دەرکەوت، هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەو ئایینە خزمەتی گەورەی بەمرۆڤو پێشکەوتنی زانستی کردووە لە ئەستێرەناسییو شتیتر.

بەداخەوە لە پرسیارێکدا ناتوانین ئاماژە بەهەموو ئەو شتانە بدەین کە لە مێژوو و شوێنەواری کورددا گرنگی خۆیان هەیە، لەبەرئەوەی زۆرن، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە ژیانی مرۆڤ لە سپێدەی مێژووەوە بەچەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووەو دواتر گەیشتوونەتە لوتکەی سەرکەوتن کە نموونەی لەبەرچاو هەموو ئەو قەڵاو پەرستگاو پڕۆژەی ئاودێرییو هاتنی شەپۆلی شارستانێتی هێلینی لەسەردەمی ئاشکانیداو گەلێکیترن کە لەژماردن نایەن.

* تا چەند شوێنەوار ڕۆڵی هەیە لە ناساندنو دەرخستنی ڕەسەنایەتی میللەتە جیاوازەکان؟

– هەر ئەوەندە دەڵێم شوێنەوار هۆکاری سەرەکییە بۆ ناساندنو ڕەسەنایەتی میللەتە جیاوازەکان لە دنیادا، کە بەهۆیەوە کۆنی ئەو گەلە لەخاکەکەیدا دەرئەکەوێت، نموونەش بۆ ئەمە هەتاکو گۆڕی سکاییەکان نەدۆزرانەوە لە ناوچە جیاجیاکانی قەفقازو لێکۆڵینەوەی تەواو لە ڕووە جیاجیاکانیانەوە نەکرا، ئەوە نەزانرا کە پاشماوەی ئەو گەلە کۆنە ڕووسەکانی ئەمڕۆن، لەلایەکیترەوە هەتاکو کەلوپەلی ناوچەی لوڕستان نەدۆزرانەوە لە پارێزگای عیلام، ئەوە دەرنەکەوت کە بنەچەی لوڕ بۆ کاسییو لۆلۆو گوتی دانیشتووی کۆنی ناوچەکە دەگەڕێنەوە. ئەمانە بەهۆی دەرکەوتنی کەلوپەلەکانیانەوە.

من لێرەدا شوێنەوار بەمەرجی سەرەکی دادەنێم بۆ ناسنامەی ئەو نەتەوانە، بەڵام هەندێک مەرجی تریشی دەوێت بۆ ئەو ناسنامەیە بۆ ئەوەی بیچەسپێنی، لەوانە خاکو زمانو مێژووی هاوبەشو ئایین کە ئەمانە لە ناو مرۆڤی کورددا وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارن. زۆرینەی ئەو ئێسکبەندانەی لەناوچە جیاجیاکانداو لەملاو ئەولای ئێران کە دۆزراونەتەوە ئەوە دەرئەخەن لە لوڕەکانو گەلانیتری وەکو بەختیاری کە لە ئێراندا ژیان بەسەردەبەن، بەپێی ئەو ئەو بەراودکارییە زانستییانەی لەسەریان کراوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گەلە کۆنانەی کە لەوەوبەر ئاماژەمان پێدان، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەک هەیە لەکۆنەوە بەهۆی تێکەڵاوبوونی ئەو گەلانەوە بەهۆی ژنو ژنخوازیو شوێنی دانیشتنیانو شتیتر لە ناویانا لە یەکچوون یان هاوشێوە دروستبووەو خوێنی پاکیش کەمبۆتەوە، جگە لەو گەلانە نەبێت کە گۆشەگیرنو لە شوێنێکی تەسکدا ماونەتەوەو لەگەڵ دنیای دەرەوەدا پەیوەندییان کەمە.